# دیالۆگ و داهێنان

کۆمەڵە وتووێژی ئەدەبی بەشی 1

عەبدولخالق یەعقووبی

**وەك پێشەكی**

ئەمدەویست ناوی ئەم کتێبە، «دیالۆگ و داهێنان» بێ. هەستم دەکرد، تۆزێك نا، کوڵێك زێدەڕەوی دەکەم گەر ئەم ناوە بکەمە پێناسەی ئەو کۆمەڵە گفتگۆیەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا پێشکەشی دەکەم. دەزانم دەزانن، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، باش فێر بووین ناو و ناوەڵناوی قەبە و فشوفۆڵ بخەینە پاڵ هزری هیچەکە و بیرۆکەی بچووکەوە. ویستم لەم ڕێسا ناڕاستە لادەم و هەندێ ڕاستۆکانەتر ڕووبەڕووی خوێنەر ببمەوە. بەڵام پاشتر لێکم دایەوە کە ڕاستە ئەم ناوە ناوێکی بە ڕواڵەت زل و زەق و زۆپە، بەڵام وێناچێ پڕ بە پێستی مەبەستی منیش نەبێت. دیالۆگ لە بەرتەسکترین ئەندازە و بچووکترین ڕێژەی خۆشیدا دواجار هەر داهێنانی بە دوادا دێت: داهێنانی باسوخواسی تازە و هزری و هەستی نوێ و دید و دنیایەکی دیکە، دیالۆگ لانیکەم مرۆڤان لە هەمبەر یەك دادەنیشێنێ و وەقسەیان دێنێ، واتە داهێنانی تواناییی ئاخافتن و تاقەتی ژنەفتن. دیالۆگ مەشقی پێگەیشتنمان پێ دەکات و عەشقی تێگەیشتنمان تێدا دەچێنێ. لە هەمان کاتیشدا ڕێی تێناچێ داهێنان بێتە ئاراوە مەگەر پێشتر زەمینەیەك بۆ دیالۆگ خۆش بووبێت و بەستێنێك بۆ گفتگۆ خوڵقابێت. داهێنان چ نییە جگە لە کۆمەڵێك بواری ڕەخساو و دەرفەتی پێدراو بە ئەگەری هەڤپەیڤین و باسوخواس و دەمەقڕە و مشتومڕی نێوان مرۆڤان. داهێنان بە سەر پردی دیالۆگدا دەپەڕێتەوە و دەگاتە مەنزڵ. دواجار لە تێکەڵاوی نێوان دیالۆگ و داهێنانە کە ئەم کتێبە بەرهەم هاتووە، کتێبێك کە بۆ لێبووردەیی و لێکتێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن ڕێز دادەنێ و لە هەمان کاتیشدا باوەڕی بە جیاوازی و دژوازی و خۆبژیوی بیر و هزر و هەستەکانیش هەیە.

جیا لەم لایەنە با لە بیریشمان نەچێت ئەو قۆناغەی هەنووکە فیکر و مەعریفە و ئەدەبیاتی ئێمەی تێدا دەژی قۆناغێکە تا سەر ئێسك پێویستی بە تیۆری داهێنان و داهێنانی تیۆری هەیە و یەکێك لە ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە گرینگە هێنانە ئارای چەمکی دیالۆگە. دیالۆگ لە هەناوی خۆیدا هەڵگری خەسڵەتەکانی تیۆریك و خواستی داهێنانە. ئاراستەی دیالۆگ ئاراستەیەکی پێوەندیئامێزە (communicative)، و تیۆری و داهێنان وردە پریشکەکانی ئەو ئاگرەن کە لە وێککەوتنی بەردی بیرۆکەکان بەرهەم دێن. هەر وەتر من لە ڕێگەی دەنگی ئەم کتێبەوە، لە ڕێگەی دیالۆگ و داهێنانەوە، دژی هەر چەشنە فەلسەفەیەکی توندوتیژیم کە بەتایبەت زۆر جار بەر لەوەی لە سەر نووکی شیر و لە نێو لوولەی تفەنگەکاندا ئابڕووی بتکێ، لە هزری مرۆڤکوژان و لە هەستی مەرگدۆستاندا چەکەرە دەکات و سەقامگیر دەبێت. ئێمە ئیمڕۆ زیاتر لە هەموو سەردەمێك بۆ هێور کردنەوەی ئەو یاغیگەری و سەرکێشییەی کە عەقڵی تاکڕەهەند و ئامرازگەرا و ستراتژیك گرتوویەتە بەر و بە ناوی هێزە پیرۆز و میتافیزیکییەکانەوە مافی مرۆڤان پێشێل دەکات و گیانی خۆی و خەڵکان دەستێنێت، پێویستمان بە ڕۆحی دیالۆگ و وزەی داهێنانە.

دیالۆگ ڕامان دێنێ لەبری هێزی مەرگ، هێزی ژیان بێنینە دوان و داهێنان فێرمان دەکات کە سەرەکیترین ئەرکی مرۆڤ زیاد و کەڵەکە کردنی جوانی و مەعریفەیە بە خەرمانی مرۆڤایەتی. کولتووری دیالۆگ و داهێنان دواجار کولتووری ژیاندۆستی و لێبووردەییە. ئێمە وەك مرۆڤی کورد لە هەموو سەردەمێك پتر پێویستیمان بەم دوو ئەسڵە حاشە هەڵنەگرەی شارستانییەتی مۆدێرنە. ژیاندۆستی دەستەبەری مانەوەی نەتەوەکەمانە و لێبووردەیی پارێزەری شان و شکۆی شارستانییەتی دێرینمانە. ئێمە گەلێکین زۆربەمان لە تفت و تاڵترین ڕۆژانی دەسبەسەری و دەربەدەریشدا وازمان لە بەیت و باو و شێعر و چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنە نەهێناوە. ئێمە گەلێ

www.rojhalat.de

جار لە شەوەزەنگترین سەردەمانی بێدەسەڵاتی و دووره ئاواتیدا خۆمان لە گۆرانی و ئەدەبیات و هەڵپەڕکێ و دڵداری نەدزیوەتەوە. ئێمە گەلێکین زۆر جار خۆمان بە جوانترین چەمکەکانی ژیانەوە گرێ داوە و لەم ڕێیەدا گیانمان داوە و سەرمان داناوە، بۆیە ناکرێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بژین و لە ڕێگای دیالۆگ و داهێنانەوە ملی ئەم ڕێگایە نەگرینە بەر.

%

ژیان بە ئازادییەوە شیرینە و ئازادی لە ژیاندا خۆشە. دیالۆگ ئازادی بە مرۆڤان دەبەخشێ تا لەگەڵ یەك بدوێن و لە یەك تێبگەن، داهێنانیش دوور کەوتنەوەیە لە گیانی مەرگدۆستی و ڕۆحی نەمان پەرەستی و هەوڵێکە بۆ تۆخکردنەوەی باوەڕی ژیانخوازی.

«دیالۆگ و داهێنان» کە لە بواری هزر و ئەدەبدا کۆمەڵێك هەڤپەیڤین و گفتگۆتان دەخاتە بەردەست، پێشکەش بە سەر لەبەری ئەو کەسانەی دەکەم کە لە پێناوی ئازادیدا مردوون و ئەو کەسانەش کە هەر لەم ڕێبازەدا دەژین■

عەبدولخالق یەعقووبی
خەرمانانی 1384
سێپتامبری 2005

**درێژەی هەیە...**

www.rojhalat.de